# شیعرییەتی فەلسەفە

ن: بشير ونيسى[*]
و: هەردی مەهدی

فەلسەفە؛ هەر لە ساتی دەسپێکردنییەوە، خۆشەویستییە. خۆشەویستییش پەیوەندی کائینە بە بوونەوە، بە هەموو شتێکەوە. لەبەرئەوە فەلسەفە لە ساتی مانیفێستبوون (التجلی) و ئاماژەکانی عەشق بۆ زانینی مەعریفەی مرۆڤ و رادەی گونجانی لەگەڵ نهێنی مەعریفەدا دەستپێدەکات. فەلسەفە ئیرادەی زانین و تێگەیشتنی شتەکانە بە زمان، فەیلەسوفیش ئارەزووی زانین دەکات لەرێگەی جەستەیی و پرسیارەکانی کاتەوە. بوون مانگی خودە، خودیش مانگی بوونە. ساتی ئاشکرابوون ئاماژە دەدات بەو ئیلهامەی (الوحی) کە بە پێدراوەکانی هزر داڕێژراوەتەوە، فەلسەفە لە میانەی گەشەکردنییەوە، هەر لە سوقرات و ئەفلاتوون و ئەرستۆوە، گەڕاوە بەدوای زانین و مەعریفەی "خود"دا. مەعریفەش لە رێگەی گاڵتەپێکردن و تەنزەوە بێت یان لاساییکردنەوە یان لۆژیکەوە بێت وێنەیەکی بۆ پێکهێناوە، بۆیە بۆ فەلسەفە هیچ نامۆ نییە کە لە کەشێکی شیعرییدا قووڵبێتەوە بۆ زانینی ناوەڕۆک و جەوهەری بوون، ئەمەش لەرێگەی خەیاڵکردنەوە کە بەدوای کەینونەدا دەگەڕێت.

رەنگە لە ئەفلاتوونیاتەکانی ئەسیناشەوە ببینین کە چۆن ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە شاعیرەکان دووردەخاتەوە لە "شاری فەزیلەت"ەکەی کە فەیلەسوفەکان تێیدا حوکم دەکەن، بەو پێیەی ئەوان خاوەنی مەعریفە و داناییین و بە وەسفی ئەو دەتوانن بە پێشبینییە داهێنەرانەکانیان بدۆزنەوە و ئاشکرابکەن، هەروەها ئەوانیشن کە سێبەری خۆرن لە ساتی پابەندبوونیانەوە لە "ئەشکەوت"دا. کە تیایدا مەبەست لە دەرکردنی شیعر لە شارەکەدا لەلایەن ئەفلاتوونەوە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە خەیاڵ لەگەڵ کرۆک و جەوهەری مەعریفە و واقیعدا پێکنایەتەوە.

شیعر؛ لە سەرەتایدا خۆشەویستییە کە لەگەڵ هەموو شتێکدا یەکدەگرێت، و لەگەڵ جیهانیشدا تێکەڵ دەبێت، ئەمەش کەشی رۆحە کە دەچێتە ناو سەرابی جەستەوە، لەوێشەوە دەستدەکات بە تێپەڕاندن لە خەیاڵکردن لە پێناو سەرکەوتن لە گەشتن بە ژوواندا. پێکگەیشتن و ژووان خۆری رۆحە، مانگێکە لە تاریکایی جەستەدا دەدرەوشێتەوە و تەجەلا دەبێت، ئەستێرەی ئیلهامە (الوحی) لە سەرابی بووندا. بە شیعر شاعیر جیهان دادەهێنێت، شێوەی -بوون-ێک دەکێشێت بەو شێوەیەی کە خۆی دەیەوێت، ئاماژەگەلێک دەردەخات کە لە بەرزەخەکاندا بەهەشت دەدرەوشێتەوە، ئەوەی دەمێنێتەوە ئەوەیە کە شیعر بە روئیا وێنای کردووە، روئیاش لە فەنابووندا، مانەوەش لە یەکبوون و جیابوونەوەدا.

شیعر خۆشویستنی جوانییە. خودیش لە هەموو شتێکدا (کە دەکرێت ناشیرین و بێزراو بێت) هەست بەو جوانییە دەکات و لەدایکبوونی بەهەشتێکی لەدەستچوو رادەگەیەنێت، شیعر وێنەی خودە کاتێک یەکدەگرێت، وێنەی جەستەیە کاتێک ئازاری هەیە، وێنەی دەروونە کاتێک پڕدەبێت لە تاوان و دۆزەخی مانەوە، ساتی تەجەلابوون و پارچەپارچەبوون لە نێوان مەرگ و ژیاندا دەبینێت، لە نێوان فریشتە و شەیتانەکاندا، پارچە وردبوو و شکاوەکانی جەستە لەرێگەی کاتەوە دەکێشێت. ئەو لە نێوان باڵابوون و هەرەسدا هەڵدەبژێرێت، دەیەوێت ناوی بۆ هەموو شتەکان هەبێت، ئەوە دەکات کە بۆی دەردەکەوێت، هەرکاتێک بیەوێت دەبێت.

پەیوەندی فەلسەفە بە شیعرەوە لە پەیوەندی گوڵ بە عەترەوە دەچێت، پەیوەندی رۆح بە رۆشناییەوە. شاعیر لەگەڵ فەلسەفەدا یەکدەگرێت کاتێک کە بیەوێت مەعریفەی بوون بزانێت؛ فەیلەسوفیش لەگەڵ شیعردا یەکدەگرێت کاتێک دەیەوێت مەعریفەی جەستە بزانێت – لە نێوان جەستە و بوونیشدا زمانێک دێتە ئاراوە بۆ پێکهێنانی جیهان کە بۆ هەریەکێکیان تەجەلا دەبێت. جیهانی فەلسەفە خۆشویستنی بوونە؛ جیهانی شیعریش بوونی خۆشەویستییە لە نێوان پێکهاتە و بووندا. فیردەوسێک پێکدەهێنێت بە زمانی سڕینەوە و سەلماندن،

فەلسەفە مەعریفە- بەهەشت رادەگەیەنێت، شیعریش خەیاڵ- بەهەشت رادەگەیەنێت.

فەیلەسوفەکان هەر لە سەردەمی ڕێنسانسەوە ڕێککەوتن لەسەر ئەوەی کە شیعر وەک بەدیهێنانە بە خۆشەویستی، لەسەرچاوەکانی فەلسەفەشە، پێگەی وەک پێگەی هەریەکێک لە زانست و هونەر و بیرکاری و سیاسەتە. ئەمەش لە "بەیانی عەقڵ" –Cogito–ی دیکارتیدا هاتووە: "من بیردەکەمەوە، کەواتە من هەم"، لە دەربڕینێکی تردا هاتووە: من هەستدەکەم من دەبینم.

بەو پێیەی فەلسەفە بە پرسیار دەستپێدەکات: ئازادی، شوناس، بوون، کائین، فیزیکا، میتافیزیکا هەموو –ئەم پێدراوانەش– ئەم دەستەواژانەش سەرجەمیان لە کرۆکی شیعرێکی پاکدا خۆیان حەشارداوە. لەبەرئەوە ئێمە چەند نمونەیەک لەو فەلسەفانەمان هەڵبژرادووە کە بە شیعر دەستیان پێکردووە بۆ ئەوەی بگەنە فەلسەفەی بوون و مرۆڤ. ئەم فەلسەفانەش لەمانەدا لەمانە دەستنیشان دەکەین:

١. فەلسەفەی نیچە.

٢. فەلسەفەی کیرکەگۆر.

٣. فەلسەفەی برگسۆن.

دەشمانەوێت هەریەکێک لەسەر شێوەی تایبەتی خۆی و دەستەواژە بنەڕەتییەکانیان بخوێنینەوە:

١- فەلسەفەی نیچە: ساتی نیچەوی بەم دەستەواژەیە دەست پێدەکات: من وردوخاش (پارچەپارچە) دەبم لە تەجەلابووندا بۆ ئەوەی بوونێکی ئەبەدی پێکبهێنم... (أنا أتشظى فى التجلي لاشكل وجودي الابدي...)

ئەمە شیعریەتی ئیرادەیە، نووسینە بە خوێن، نەفرینی خوداوەندە گەمژەکەی تێپەڕدەکات و دەبێتە سوپەرمان، گەڕانەوەی هەمیشەییشە، و دەرچوونی مەعریفەیە لە فیردەوسی یەقین. نیچە دەیەوێت بتەکانی فەلسەفە تێک بشکێنێت بۆ ئەوەی دەستبکات بە دامەزراندنی مەملەکەتی خەیاڵ بە شیعر. بۆیە شێتێتی هەڵبژارد، پەناش دەباتە بەر شیعریەتی ژیان لە ساتی گەڕانەوەی یەکجاریدا بۆ هەموو ساتێک. لە ساتی شیعریدا خودی ئەو لەگەڵ هەموو شتێکدا یەکدەگرێت، بە ئیرادەی هێزیش دەگەڕێتەوە. ئەمەش پێشبینی سوپەرمان بەرجەستە دەکات، ئەمە ئەو کائینەیە کە دەیەوێت ببینێت و بەرجەستەبێت (تجسید)، بە وەحییەک لە هێز، جیهانێکی جوانی سەرنج ڕاکێشە. ئەو پارچە پارچە دەبێت، ڕەتدەکاتەوە، دەگۆڕێتەوە، ململانێ دەکات، دادەهێنێت، بیردەکاتەوە، بێباوەڕ دەبێت....

لە لۆژیکی زەردەشتدا، ئیرادە ئاسمانی خود–ە، خۆری جەستەیە، مانگی خوێن و ڕۆحە، تیشکدانەوەی ڕۆشناییە (نور) کە جیهانێک لە شیعر دەچنێت. نیچە دەیەوێت بەڵگە بهێنێتەوە بۆ کۆتاییهێنان بەو کوفرە مەعریفییەی کە فەیلەسوفەکان لەسەری ڕێککەوتوون، بۆیە بە چەکوشی شیعر دەفەلسەفێنێت. شیعر، لە ڕوانگەی ئەوەوە، ساتی تێکدانە لە پێناو بیناکردنەوەیەکی باشتردا.

٢- فەلسەفەی کیرکەگۆر: ساتی کیرکەگۆری بەم دەستەواژەیە دەستپێدەکات: من تەجەلا دەبم، بوونم پارچە پارچە دەبێت و هەرەس دەهێنم...

شیعریەتی کائین لە بووندا لە میانەی ژیان و پەیوەندی بە باوکییەوە و بە خۆشەویستەکەیەوە و هەروەها لەمیانەی ململانێکانییەوە لەگەڵ پیاوانی ئاینییدا بەرجەستە دەبێت. هەروەک ڕوئیاکەی لە بووندا لە میانەی "یان" ئەوەیە خودی خۆت دەدۆزیتەوە "وە یان" ئەوەیە لێت ون دەبێت. لە میانەی کردارەوە لە نهێنی ژیاندا قووڵ دەبێتەوە، گۆرانی بۆ پرۆژەی هزر دەهۆنێتەوە کە لە پێناویدا دەژی و / یان دەمرێت، دەینووسی بە زمانی گێڕانەوە و پارچەکان و هەناسەکان (نفخات) و درەوشانەوەی کەشەکانی (گقووس) بوونی هەڵبژێراو لە نێوان "یان... وە یان". فەلسەفەکەی هەستاوە بە جیاکردنەوەی بوونی خود لە هەموو شتێک، لە نهێنی بوونیشدا جەوهەرێک هەیە کە منی داهێنەرە (خلاق): بە هۆیەوە درەوشانەوەی بوون–ی و کۆتاییەکان و

لۆژیکی ئاڵویرەکان و ئەو ئاڵوگۆڕانەی هێرشدەکەنە سەر بوون هەستپێدەکات، پاشتر ناجێگیری نیگەرانییەتی کە حاڵەتی پووچی و بوون لە ساتی وەستان لەبەردەم خودادا ڕووبەڕوو ئاشکرا دەکات، دەست بەدەست تا دەستدەگرن بەسەر بونی "خۆگر"تدا بۆت.

کیرکەگۆر بوونی دەوێت، بەڵام لێی رادەکات، بە شیعر و ئاماژەکانی فەنابوون کە لە زاکیرەی جەستەدا دەردەکـەون. دەیەوێت ناوە نهێنییەکەی لە گەردەلوولی بوونیدا ئاشکرا بێت؛ ئیشتیها و ئارەزووی ساتی درەوشانەوە و تەجەلابوون دەکات بۆ رزگاربوونی لە تاوان. بۆیە شیعر ئەو بوونەی کە دەیەوێت بۆی دادەهێنێت.

٣- فەلسەفەی برگسۆن: ساتی برگسۆنی بەم دەستەواژەیە دەستپێدەکات: من ئەوە دەبینم کە لە تەجەلابوونمدا لێم وردورد دەبێت، لەبەرئەوە لە ژیاندا گەشە دەکەم (أنا أرى ما يتشظى في بالتجلي، فأتطور في الحياة...).

شیعریەتی برگسۆن خۆی لە حەدس و دەرکەوتن و هەستیاری خود-دا دەبینێتەوە لە ساتی چوونەناوەی ناواخنی بووندا. ئەمە حەدسێکی هەستییە لە کاتدا کە مرۆڤ لە کاتی حاڵەتی روئیادا پێویستییەتی. لەم حاڵەتەدا، روئیا ژیانی رۆحە، شەبەقی جەستەیە، "پاڵنەری ژیانە"، بەردەوامی بوژانەوەی هەستییە کە لە چێژە هەمەچەشن و گەشەکردوو و داهێنەرانەکاندا تەجەلا دەبێت؛ لەسەر جەستەش پێویستە کە حەدسیان بکات و شێوەکانیشی لە خۆشی و شادییەکاندا بکێشێت، بەمەش لە رێگەی شێوەکانی ژیان و درەوشانەوە و تەجەلیاتەکانی جەستەوە یەکدەگرێت و نوێدەبێتەوە. ئەم بەردەوامییەش بە چەند تایبەتمەندییەک جیادەکرێتەوە، لەوانەش: دەرکەوتن و پڕبوونی (فیچ) داهێنەرانەی جوان، جیاواز، دووبارە نەبۆوە لە "وێنە"دا، گونجاو لەگەڵ وەحی و ئیلهامەکەیدا، ساتەکان و نـاوەڕۆک لە پەیوەندیدان لەگەڵ یەکتردا، گۆڕان و ئاڵوگۆڕ و ناچوونیەکی و داهێنانی "خلق" بەردەوامیدان لە حاڵەتی داهێناندا "ابداع".

ئەم فەلسەفەیە لە شیعرەوە دەستپێدەکات: برگسۆن بە شیعر دەفەلسەفێنێت، دەیەوێت دەستبگرێت بەسەر بەردەوامیپێدانی داهێنان بە شیعریەتی شادی (صفا) و هەستێکی هەڵهاتوودا (مشرق)، کە تاریکی ئەم ساتە ڕووناک دەکاتەوە. برگسۆن دەیەوێت بە شیعر فەلسەفەی داهێنان و بوون و بەردەوامی ریتمی ژیان بە خەیاڵ بەرجەستە بکات، بۆیە دەچێتەناو شیعرەوە و لەگەڵیدا یەکدەگرێت و قووڵدەبێتەوە لە ناویدا، رەنگە ئەو هەست بە ساتی داهێنان بکات، لە کاتێکدا ئەو هەستە لە کاتی نەبوونی حەدسێکی شیعریدا لە خود رادەکات.

لە میانەی ئەوەی پێشکەشکرا، دەکرێت بڵێین کە فەلسەفە لە پێکهاتن و گەشەکردنیدا لەگەڵ شیعردا یەکدەگرێت؛ شیعریش مەعریفەی بوونی لە فەلسەفە دەوێت ئەمەش لە پێناو گەشتن بە بەهەشتی ژیان و فیردەوسی ونبوودا. رەنگ بێت ئەوەش کە بیرمانخستنەوە زیاتر فەیلەسوفە- شاعیرەکان بووبن، نەک شاعیرە- فەیلەسوفەکان، لە نمونەی ئەوانەش وەک مەعەری و هۆڵدەرلین.

دەکرێت بەوە کۆتایی بەم وتارە کورتە بهێنین کە شیعر بۆ فەلسەفەی مرۆڤ/بوون کراوەیە و فەلسەفەش بۆ شیعری بوون/مرۆڤ کراوەیە.

بە کورتیش: ئەوەی لە نیچەدا دەردەکەوێت و نواندویەتی بە شیعر کێشاویەتی: بوون لای ئەو گەڕانەوەی ئەبەدییە، سوپەرمانیش مرۆڤێکی باڵایە؛ ئەوەش کیرکەگۆر نواندویەتی بوونگەراییەکی کێشاوە لە شێوەکانی ونبوون و لە خۆباییبوون و هەروەها بەوەی مرۆڤ- کائینێکی جوانی نیگەرانە، هەنگاودەنێت بەرەو ونبوون و جێگیربوون (سەلماندن)؛ بەڵام برگسۆن بوونی لە ژیاندا بەرجەستەکردووە و حاڵەتەکانیشی ئەمانەیە: لەسەر مرۆڤە کە بەردەوامیدانی بوون بجوڵێنێت بۆ ئەوەی شێوەی ژیانێکی سەرنجڕاکێش ئاشکرا ببێت.


**سەرچاوە:**

سایتی المعابر، http://maaber.50megs.com/last_issue/index.htm